

ئالتان تان

# گۆشەنیگایەک بۆ داهاتوو: شەڕ یان ڕێککەوتن

بەر لەوەی تێڕوانینێک یان روانگایەک بۆ یەکێک لە قەیراناویترین ناوچەکانی جیهان واتە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بخەینە روو، وا باشە سەبارەت بە رابردووی ناوچەکە و ئێستای، هەندێک راستی و روونکردنەوە بخەینە روو.

ناوچەکە کۆنەوە تا ئەمڕۆ:

یەکەم- ئایینی جیاواز (موسڵمانەتی، مەسیحییەت، یەهودییەت، ئێزیدیەتی و زەردەشتییەت)ی تێدا بووە.

دووەم- جیاوازیی مەزهەبی (شیعی، سوونني، عەلەوی، دورووزی، نووسەیری، ئۆرتۆدۆکس، کاتۆلیک و پرۆتستانت)ی تێدا بووە.

سێیەم- قەومیاتی جیاوازی وەک عەرەب، تورک، کورد، فارس و ئەرمەنی تێدا بووە.

چوارەم- چینی جیاوازی وەک دەوڵەمەند، هەژار، گوندی و شاریی تێدابووە.

ناوچەکە توانای بەیەکەوە ژیانی فرەیی تێدایە. خەڵکانی سەر بە ئایینی جیاواز یان سەر بە مەزهەبی جیاواز، زۆربەی کات لە یەک شاردا و تەنانەت جاری وا هەبووە، لە یەک گونددا بەیەکەوە ژیاون. ئەوە پێوەرانەی لە کۆمەڵگای رۆژئاواییدا سەبارەت بە سنووردارکردن و لێکجیاکردنەوە هەبووە، لێرەدا نییە. لە رابردوودا دەوڵەمەند و فەقیر لە یەک گەڕەک ژیاون، پەرەسەندنی جیاکردنەوەی فەقیر و دەوڵەمەند لە یەکتری و جیا کردنەوەی بوارەکانی ژیانیان لە یەکتری، بەرهەمی سەردەمی مۆدێرنیتەیە.

### تایبەتمەندیی هاوبەش

ناوچەکە لە رووی ئابوورییەوە، دانەبڕاوی یەکترییە.

١-دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، ئاژەڵداری و کشتوکاڵ تووشی زەرەر و زیانێکی گەورە بوو، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە خەڵکی مەڕدار لە هاویناندا دەچوونە کوێستانان و لە زستانانیشدا دەچوونەوە دەشتەکانی گەرمێن و ژیانێکی کۆچەرییان هەبوو. بە دروستکردنی ئەو سنوورانەی کە ئێستا هەن، ئیتر ئەم بارودۆخە کۆتایی پێهات.

٢- سەرچاوەئاوییەکانی هەرێمەکە هاوبەشن. بە تایبەت دیجلە و فورات و ئەو سەرچاوە ئاوییانە، کە پێداویستییەکانی کشتوکاڵ و ئاوی خواردنەوەی هەرێمەکە لێیانەوە دابین دەکرێن هەر هەموویان یەک سەرچاوەیان هەیە.

٣- ئەو بازرگانییەی کە لە رابردوودا لە دەریای سپییەوە دەستی پێکردووە و بە ڕێگای بەیروت، حەلەب، مووسڵ و بەغدا و لەوێشەوە ئێران و ئازەربایجانیشی گرتۆتە خۆ، هەر ئەو بازرگانییەیە کە بەڕێگای حەلەب و مووسڵ لە دیاربەکرەوە گەیشتوە قەفقاسیا. ئەمڕۆیش ئەو بازاڕە پێویستیان‌بەیەکترە.

٤-هەر ئەمڕۆیش جیا کردنەوەی ناوچەکە لەبواری وەبەرهێنانی نەوت و گازی سروشتییەوە لە یەکتری، نامەعقوڵە. ڕێگای چوونە ناو جیهانی دەرەوەی نەوتی عێراق و قەفقاسیا، هەر یەک ڕێگایە. گشت ڕێگاکانی گواستنەوەی وزەی هەرێمەکە پێکەوە گرێدراون.

٥-شانەکانی کولتووری گەلانی هەرێمەکە، هاوبەشییەکی گەورە نیشان دەدەن. پەیوەندییەکانی ناو ماڵ، دابونەریتی ماڵباتەکان، ژن خواستن، بانگهێشتکردن، پرسە و سەرەخۆشی، هەروەها کولتووری نانخواردن، کاریگەرییان لەسەر یەکتر کردووە.

٧-بەتایبەت ئەو ژن بەشوودان و ژن خواستنەی کە لە نێوان گەلانی مۆسڵمان ( تورک، کورد، فارس ، عەرەب)دا ڕوویداوە و تێکەڵبوونی ژیانیان، هاوبەشییە تێکەڵەکانی زۆرتر کردووە.

### شوێنەوارەکانی قەیران لەم سەردەمەدا

١-پرسی ئیسرائیل-فەلەستین
٢- پرسی کورد و بارودۆخی کورد
٣-جیابوونەوەی شیعە و سوننە
٤-ناکۆکییەکانی نێوان ئیسلامییەکان و علمانییەکان
٥-دابەشکردنی نادروستی داهات و هەژاری

**ئاستەنگییەکانی سەر ڕێگای ئاشتیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

١. هزر و بیروڕای سیۆنیزمی دەوڵەتی ئیسرائیل، کە لە نیلەوە تا فوراتی گرتووەتەوە.

٢. نەدۆزینەوەی ڕێگا چارەی پێکهاتن و بەردەوامکردنی ناکۆکی لە گەڵ خەڵکدا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی علمانییەوە کە وڵاتانی ڕۆژئاوایی پاڵپشتی دەکەن و زیادەتر لە واتەی کلاسیکی علمانییەتی وەکوو دژە ئیسلامەتی هەڵدەسەنگێنن.

٣. تەئکیدکردنی شیعایەتی لە ئێران لەسەر چوارچێوەی نەتەوە دەوڵەت.

٤. جێنەگرتنی وڵاتیانی کەنداو و ئەمیرنشینەکان لە ناو سیستەمێکی دیموکراتیک و کراوەدا.

٥. سوود وەرنەگرتن لە تریلیۆن دولار داهاتی نەوت بۆ وەبەرهێنان و سەرمایەوەگەڕخستن بۆ داهاتوو.

**ناوەندەکانی هێز لە هەرێمەکەدا**

١. ئێران

٢. تورکیا

٣. میسر

٤. ئیسرائیل

یەکێک لە وڵاتانی هەرێمەکە کە لە بواری سیاسی، کولتووری و ئابووری لە ژیانی هەرێمەکەدا خاوەن کاریگەری بەهێزە، ئێرانە، کە ئیستا لەگەڵ سیستەمی زاڵی جیهانیدا لە ناو ناکۆکی و شەڕدایە. بەڵام میسر بە ئاوایەکی گشتی، کەوتووەتە ناو خۆبەدەستەوەدانەوە. تورکیا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە هاوپەیمانی ڕۆژئاوایە، کاتێک کە سیاسەتەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی لەبەر چاو دەگرین، دەبینین کە سیاسەتی خۆبەدەستەوەنەدان، نە شەڕ و ناکۆکی پەسەند کردووە. سیاسەت و بارودۆخی ئیسرائیل بە گشتی جیاوازە. بیروڕایەک سەبارەت بە پێکهاتن و پێکەوە ژیان دەستنیشان ناکات.

**گۆشەنیگا و دیدگای داهاتوو**

بە تێڕوانینێکی گشتی لە داهاتووی هەرێمەکەدا، دوو ئەگەر هەن:

١. جیابوونەوە و شەڕ

٢. پێکهاتن و پێکەوە ژیان

دوای شەڕی یەکەم و دووەمی کەنداو، پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، بەڵێن، دیموکراسی و ڕەفاهی دابوو. لە ئاکامدا نەتەنیا ڕەفاه نەهاتە دی، بەڵکو هەژاری رووی لە زیادبوون کرد، کە واز لە پێکهاتن و دیموکراسی بێنن. شەڕ و ناکۆکیی ئایینی، نەژادی و مەزهەبیش روویان لە زیادبوون کرد و زیاتر لە ملیۆنێک مرۆڤ گیانیان لەدەست دا. پرۆژەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورە، پێکهێنەرانی و جێبەجێکارانی، گشتیان سەرنەکەوتن و بەبێ ئاکام مانەوە، کە پێویستیی بە پرۆژەیەکی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەوە هەیە. ئەم پرۆژەیە پێویستە لەگەڵ مێژوو، کولتوور، جوگرافیا و ڕاستییەکانی ئێستای هەرێمەکەدا بگونجێت.

جیابوونەوە و شەڕ: لە بواری ئایینی و مەزهەبیدا، جیاکردنەوە و دابەشکردنی هەرێمەکە نامۆمکێنە. لە شارەکانی ئیستامبوڵ، شام، حەلەب، مووسڵ، کەرکووک، ئۆرفە، دیاربەکر، ئەدەنە، تەورێز، تاران، بەغدا و ورمێ و لە سەدان شار و شارۆچکەی دیکەدا، ئەو خەڵکانەی کە خاوەن ئایین، مەزهەب و زمانی جیاجیانە، پێکەوە دەژین. ئەو پرۆژانەی کە مەبەستیان لۆبیگەری و بیانیکردنە، تا قیامەت بە مانای شەڕە. ئەو هێزانەی کە ئەو بارودۆخە لەبەرچاو ناگرن و یا بە ئەنقەست بە پێچەوانەوە لە سیاسەتی شەڕخوازی، چاوەڕوانی سود وەرگرتن دەکەن، ڕەفاهیان بۆ هەرێمەکە ناوێت. گەلی تورکمان، کورد، عەرەبی مۆسڵمان و مەسیحیی کەرکووک، کە لەسەر گەورەترین سەرچاوەی نەوتی جیهاندا ژیان دەکەن، گیرۆدەی یەک جۆرە هەژاری و داماوی بوونە.

**ئەو شتانەی کە لە داهاتوویەکی کۆرتدا پێویستە جێبەجێ بکرێن:**

١. بە هۆی چەندین هۆکارەوە، تورکیا بووە بە خاوەن تایبەتمەندیی وڵاتی ناوەند لە هەرێمەکەدا. ئەو بارودۆخە دیموکراتیک بوونە و کراوە بوونە بۆ جیهان کە لە تورکیادا دەستی پێکردووە، پێویستە هاوکاری و بە هێز بکرێت و هاوکاریی پرۆسەی ئەندامێتی تورکیا لە یەکێتی ئەورووپادا بکرێت. تورکیا چ ببێتە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا و چ نەبێت بە ئەندام، پێویستە ڕێگای دیمۆکراسی و کراوەبوونی درێژە پێبدات.

٢. پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی هەرێمی کوردستان لە ناو بارودۆخێکی دیموکراتیکدا بێت. لە جیاتی پەسەندکردنی ڕێبازی کلاسیکی نەتەوە دەوڵەت، پێویستە ڕێوشوێنێکی سەردەمانە و دەوڵەتێکی دیموکراتیکی یاسایی پەسەند بکات. ئەو کەمەنەتەوانەی وەکوو تورکمان، ئاسووری، سووریانی، کەلدانی، ئێزیدی و عەرەب، هەروەها گشت ئەوانەی کە لە هەرێمەکەدا دەژین، بە شێوازێکی هاوبەش و یەکسان یاسای هاووڵاتیبوونیان بۆ پەیڕەو بکرێت. پێویستە خۆی لە هەڵوێستی علمانی دژ بە ئیسلام بپارێزێت.

٣. کەرکووک و بە تەواوی تورکمانەکان، بخرێنە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە. نیوەی زۆرتری تورکمانەکان کە شیعەن و سیاسەتی مەزهەبی

پەیڕەو دەکەن، بەشێکی دیکەش سەر بە حکوومەتی ناوەندین، بەشێکی کە لە ناوچەی هەولێردا دەژین، سەر بە ئیدارەی هەرێمی کوردستانن. ئەو دابەشبوونە بە سەر سێ بەشی جیا جیادا، ڕۆژ بە ڕۆژ دەبێتە هۆکاری لە ناوچوونی تورکمانەکان. ئەگەر بێت و هەر سێ بەش گرێدراوی یەک ئیدارە ببن، تورکمانەکانی عێراق لە هەرێمی کوردستاندا دەبنە خاوەن ڕێژەی لە سەدا سی نفوسەکە و بەم شێوەیە گشت مافەکانیان زۆرتر دابین دەکرێت. ئەو شتانەی کە بە پێچەوانەوە تا ئەمڕۆ بۆ تورکمانەکان پەیڕەو کراون، هیچ سوودێکی نەبووە. بەدەستگرتنی نەوتی کەرکووک لە لایەن ئیدارەی هەرێمی کوردستانەوە، نابێ ببێتە مایەی ترس و دڵەڕاوکێ.

٤-پێویستە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی سیاسی، کولتووری و ئابووری لە نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیادا بەهێز بکرێت و واز لە ڤیزە و گوومرک بهێنرێت. پێویستە لە ئاستێکی بەرزدا، ئەنتگراسیۆن بەردەوام بێت.

٥-وەکوو هەنگاوی دیکە، پێویستە پەیمانێک وەکوو پەیمانی بنەلووکس کە لە نێوان هۆڵەند، بەلژیکا و لوکزامبۆرگدا مۆر کرابوو، لە نێوان تورکیا، عێراق، سوریا، ئازەربایجان و ئەرمەنستاندا مۆر بکرێ.

٦-لە داهاتوودا، لە ئێرانەوە تا عەرەبستان، هەمووی هەرێمەکە بکەوێتە چوارچێوەی یەک ئەنتگراسیۆنەوە.

**دوو فاکتەری سەرەکیی ئەنتگراسیۆن**

١- بەرژەوندیی هاوبەش و ناچارییەت: لەمەڕ ئەو هۆکارانەی کە لە سەرەوەدا بە شێوازێکی کورت باسمان لێوەکردن، پێویستە لە هێڵەکانی گواستنەوەی وزەی هەرێمەکەوە بگرە تا کشتوکاڵ، لە بازرگانییەوە بگرە تا سەرچاوە ئاوییەکان، هەر هەمووی هاوبەشن. لەبەر ئەوەی کە لە ناو یەکتردا دەژین، هەر هەمووی گەلان ناچاری پێکەوە ژیانن.

٢- ئایینی ئیسلام: دەسکەوتی هەرە گەورەی هاوبەشی گەلانی هەرێمەکە، دینی ئیسلامە. ئەوانەی کە بۆ هەرێمەکە پرۆژە دادەڕێژن، بە پێداگرییەوە نایانەوێت ئەو ڕاستییە ببینن. ئەوانەی کە دەیانەوێت ئیسلامەتی لە دەرەوەی داهاتووی ناوچەکەدا ڕابگرن، ویستیان ئەوەیە، دیمەنێکی ناڕاست لە ئیسلام و موسڵمانەکان نیشان بدەن. لەم نێوەدا دەیانەوێت:

١-ئیسلام و موسڵمانەکان تیروریزە بکەن

٢-گشت موسڵمانەکان و ئایینی ئیسلام بکەن بە نامۆ بە دژی نوێگەرایی و بایەخەکانی سەردەم.

بێگومان ئایینی ئیسلام و موسڵمانەکان، خاوەن هەڵسوکەوتێکی جیا لە نوێگەرایی و پۆستمۆدێرنیتەی تێکچوو و بێ کاریگەر بووی ڕۆژئاوایین، خاوەن هەڵسوکەوت، بیروڕا، دونیا، مرۆڤایەتی و تێگەیشتنێکی جیاوازن لە ژیان و شارستانییەتدا. بەڵام گشت هەڵەکانی خۆیان ڕاست و هەموو ڕاستییەکانی موسڵمانەکان هەڵە و بە تیروریست ناودێرکردن، گەورەترین هەڵەیە.

**کێشە ناوخۆیییەکانی جیهانی ئیسلامی**

جیهانی ئەمڕۆی ئیسلامیش، لە ناو خۆیدا خاوەن ناکۆکی و جیاوازیی هزری و سیاسییە :

١-شێوازێکی زۆر تەسکی ئیسلامی بە ناوی نیۆ سەلەفەزیم.

٢-ئەو تەریقەتانەی کە پڕن لە خورافە و تەسەووف، سۆفیگەرییان لە جەوهەر و شەریعەی ئیسلامی دوور کردووتەوە.

٣- لە سیاسەتدا بانگەوازیکردن بۆ خەوارجی مێژوویی و ئەو هەڵسوکەوتانەی کە جار جار بەرەو ئانارشیزم دەچن.

٤-پرۆتستانیکردنی ئیسلام لە ژێر ناوی ئیسلامی لیبراڵدا، وەکوو ئەو خواردنەوە گازییەیە کە گازی نەماوە، نوێژ بکات و ڕۆژو بگرێت و بۆ خاوێن بوونەوە وەکوو سەرمایەدارێک ساڵێ جارێک سەفەری حەج یا حەجی عومرە کردنە. ئەو هەڵوێستە ئیسلامییە کە لە زات و جوهەری خۆیدا هیچ دەنگێکی بەرهەڵستکاریی لە بەرامبەر جیهانی نوێدا نەبێت، خۆ خەڵەتاندن و نکۆڵی لەخۆکردنە.

**جیهانی ئیسلامی پێویستە ئەمڕۆ لەم خاڵانەدا ، زۆر بە جدی بیر بکاتەوە:**

١- لە بەرامبەر جیهانی نوێ و پۆستمۆدێرنیزمدا، گشت مرۆڤایەتی پێویستە تەسەورێکی هاوبەشیان هەبێت. لەم ماوەیەدا، پێویستی بە پێداچوونەوە و نوێکردنەوەیەکی نوێ هەیە.

٢-ئەو مرۆڤە کە لە جیهانی ئەمڕۆدا هەر دەڕوات تەنیا دەبێت، بێچارە دەبێت و بێ هیوا و هەست دەبێت، پێویستی بە تەسەوفێکی پێشەنگ هەیە.

٣- پێویستە موسڵمانەکان لەبەرامبەر ئەو کەسانەی کە وەکوو ئەوان بیرناکەنەوە (جولەکەکان، مەسیحییەکان، بووداییەکان و ئاتێئیستەکان) لەسەر هەڵسوکەوتێکی نوێ و مودەلێکی نوێ بۆ پێکەوە ژیان، بیر بکەنە.

ئەنجام: پێویستە هەرێمەکە لە جیاتی جیابوونەوە و شەڕ، ڕێگا چارەی پێکەوە ژیان بدۆزێتەوە. چارەنووسی گەلانی هەرێمەکە، گشتیان یەکن، بۆ هیچ گەلێک ناکرێت داهاتوو و بەختەوەریی خۆی لەسەربنەمای دروستکردنی نەهامەتی بۆ ئەوانی دیکە بنیاد بنێت. یا هەر هەموو پێکەوە قازانج دەکەن، یا هەر هەموو پێکەوە لە دەستی دەدەن.